www.kurdistannet.org

**وەلأمێك بۆخاتوومهاباد قەرەداغی**

**نوسینی/كوردە حمە**

**لەوانەیە رەخنەو رەخنەگرتن لە كۆمەڵگەیەكدا قورسبێت، كە بنەماو ئامانجی رەخنەگرتن تیایدا لە سەرەتای دروستبووندابێت ورەنگە رۆژانە بە ناوی رەخنەوە چەندین دەرون وێرانبكرێتو چەندین دەرون ئاسودەبێت بە ئازاردانی بەرامبەرو چەندین خۆهەڵقورتاندن لە مەسەلە تایبەتییەكانی تاكەكان بخرێتەروو. هەر كەسەو لەژێر كاریگەری سایكۆلۆژیایی خۆیدا دنیا یان بە رەش، یان بە سپی دەبینیٚو خەتی راستو چەپ بە هەموو كارو هەنگاوێكدا بێنێت، دیارە ئاستی رەخنەش بەم شێوازەی كە هەیە هۆكاری خۆی هەیە ناخوازم لە دەرگای بدەم هەندێك جاریش بە ناچاری وەلأمێكم بۆ ئەو نوسینانە دەبێت كە ناواقعی نوسەرەكەی باڵی بەسەردا كێشاوە. یەكێك لەوبابەتانە بابەتەكەی خاتوو(مهاباد قەرەداغی) بوو، لەژێر ناونیشانی (لە كوردستان جەستەی ژن دەكرێت بە كوتا ڵ).**

**سەرەتا دەمەوێت خاتوو مهابادو خوێنەران بە جیاوازی دیدو بۆچوونیانەوە بە نەفەسێكی ئەوتۆ راڤەی ئەم وەلأمە بكەن كە لە خزمەتی هەموانداببێتو خوێنەریش حەكەم بێت، سەرەتای وەلأمەكە لەوێوە دەستپێدەكات كە ئەو مەسەلەیەی خاتوو مهاباد باسیلێوەكردووە واقعێكە كەس ناتوانێت نكوڵی لێبكات كە لەشفرۆشی لە عێراق بەگشتیولە كوردستانیش لە دوای راپەرینەوە لەژێر سنوری هەردوو دەسەڵاتەكە بەرەو زیادبوون رۆیشتووە لەمەشدا هەم فاكتەری ناوخۆییو هەم فاكتەری دەرەكی رۆڵی بینیوە كە خۆی لەم خاڵأنەدا دەبینیٚ:**

**١. خراپی باری ئابووری لە تەواوی عێراق.**

**٢. بەكارهێنانی دەسەڵات لە لایەن هەندێك لە بەرپرسانەوە بۆ ئەم مەبەستە**

**٣. قۆرخكردنی زۆری لەدارای كوردستان تاساڵی(...٢)لە دەستی كۆمەڵێكداو پشتگوێخستنی زۆرینە.**

www.kurdistannet.org

٤. سیمایگشتی کۆمەڵگەئەوەبووکە کۆمەڵێکی کەم لەوپەری خۆشگوزەرانیدا بوونو زۆرینەش لەبارێکی نالەباری خراپدا.
ئەم بارودۆخەش رۆڵی هەبوو بۆ لاوازبوونی ئەو بەهایانەی کە کاریگەری هەیە بۆ دەستگرتن بە هەندێك بەهای گرنگەوە، کە پێویستە بۆ پاراستنی مافی هاولاّتیو رێگەگرتن بە بازرگانی بە روحو جەستەی مرۆڤ بەگشتیو مێینە بەتایبەتی. لێرەوە پێمباشە هەندێك سەرنج لەسەر ئەو بابەتەی خاتوو مهاباد بخەمەروو، کە بەرێزی جەوهەری بابەتەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کوردستان وێرانەیەو تاك بەگشتی بووە بە مێگەلو حیزب لێیاندەخوریو رێکخراوەکانی ژنان تەنها بارەگاکانیان گرتووە بۆ ئەم قسانەشی مەسەلەی لەشفرۆشی کردووە بە بەڵگە. من نازانم خاتوو مهاباد چۆن ویژدانی رێگەی پێدا ئەوەندە بیّ ئینسافانە قەڵەم بخاتە سەر کاغەزوئاوا بنوسێت. یان دوری بەرێزی لە واقعەوە ئەم هەڵەیەی پێکرد. بۆیە من بە خاتوو مهاباد دەڵێم؛ چۆن کەس ناتوانێت خەتی راستو چەپ لە کارو گوتاری ئەو کوردانەی دانیشتووی هەندەران بدات کەباشترین پایەو هاوکاربوون بەتایبەتیلە رووی ئابورییەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی گرنگترین بەربەستی بەردەم لەشفرۆشییە.بۆیەدەکرێت بڵێین بوونی کوردەکانیتاراوگە چەندین سودی هەنوکەییو ئایندەیی هەیە،لەهەمان کاتیشدا راستیەکان چیدی رێگەنادەن کەهەرکەس هەواڵێکی بۆگێررایەوەوباسێکی بیست بەس بێت بۆئەوەی کەبەنوکی قەڵەمێك کاروماندوبوونی ئەوکەسانەبسرێتەوەکەلەسەنگەری رووبەرووبونەوەدان کەپێم وایە خۆشت باش دەزانیت کارکردن لەناوئەوواقعەسیاسیوکۆمەلاّیەتیەی ئێمەدا چەندقورسەبۆیەلەم روانگەیەوەرەخنەی بونیادنەرودیدی جیاوازمان قبوڵەبەدەرلەمە هەمووحوکمێکی دورلەواقع مەحکوم دەکەین و بێدەنگیش نابین لە ئاست ئەو دەنگو قەڵەمانەی کە لە دەرەوەنو درك بە ماندوبوونی کەسانی دی

www.kurdistannet.org

ناکەن ئەم قسەیەشم بەهەڵە راڤەنەکرێت ،واتیٚبگەیت چاوەریٚی ستایشین یان کارەکانمان بیٚ کەم وکوری بێت ،بەڵکوومبەستم نوسینەکەی بەرێزیە کەبە ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،لە کوردستان رێکخراوەکان تەنها دیکۆرن، کە بێگومان ئەمەش دوورە لە راستییەوەو بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم بۆچونەشی دەتوانێت لە سەفەری ئەمجارەدا سەرێك لەو رێکخراوانە بدات وچاوێکی خێرا بەو کێشانەدا بگێرێت کە رۆژانە روو لەو رێکخراو و شوێنانە دەکەن و گەر بێتو رۆژێکیش دەوام لەگەڵ کارمەندەکانیاندا بکات ئەوکات حوکم لەسەر بێکاریو ودیکۆریان بدە، ئەوساکەببینە ئەوانن قورسایی تەواوی کێشەکانیان هەڵگرتووە، هەر لە کێشەی لەشفرۆشێکەوە تا دەگات بەوەی  کە لەماڵ رادەکات، یان بەوەی کە لانەی نییە      و .....هتدل،کەمن نامەوێت بچمە ناووردەکاریەکانەو، چونکە ئەوە کاری خۆیانە.لێرەوەدەکرێت کۆپلەیەکینوسینەکەیخاتوو مهابادوەربگرم کە دەڵیٚ:" رێکخراوەکان هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر لەشفرۆشی، بەڵکو لەپشت پەردەی ئەستورو بە ئاماژەی خێراو کتوپرو گوزارشتی لێدەکەن و دواتر بێدەنگدەبن" کە بێگومان لەمەدا بەهەڵەچووە، چونکە لە (رۆژنامەی رێوان) دا (کەژیٚ) ناوێك زۆر بە ئاشکرا و راشکاوانە قسەی لەسەر ئەم مەسەلانە کردووەو بلاٚویکردۆتەوە، بۆ خۆم لەچاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەو خاتوونەدا ئاماژەی بەوەدا کە دوای بلاٚوبوونەوەی ئەو زنجیرانە رووبەروی ئاستەنگی زۆر بونەتەوە، هاوکات لەلایەن چەندین کەسی تریشەوە پشتگیریکراون، چ لەناو حکومەت و چ لە ئاستی تاك.

یان خاتوومهاباد ئاماژەی بەوەداوە کە خودی (رۆژنامەی رێوان) و رێکخراوەکانی دی بێدەنگبوون و هیچ بەرپرسێکیش سزانەدراوە.

خاتوو مهاباد لەمەشدا بەهەڵەچووە، چونکە نە رێکخراوەکان و نە تاك بێدەنگنەبوون بەو بەڵگەیەی لە دوای ئەو زنجیرەیەی (رێوان) هەوڵی دامەزراندنی دەستەیەکی تایبەت درا  بۆ وەستانەوە دژ بەم دیاردەیە

www.kurdistannet.org

**هاوکات (٨ ی مارس) ی ساڵی پاریش یەکێك لە کۆڕەکانی ناوەندی هاوبەش، کە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری رێکیخستبوو تایبەت بوو بەم دیاردەیە، کە بەڕێزان (نەجیبە مەحمودو رێبین ئەحمەد هەردی) پێشکەشیانکرد ،رۆژنامەی هەواڵ وهاولاتی چەند بابەتیان هەر تایبەت بەم باسە بلأوکردەوە. ئەمە جگە لەوەی هەر سەنتەری راگەیاندن بەرنامەی رێوانی رادیۆیان تەرخانکردبوو بۆ ئەم باسە ولەیادی رووبەرووبونەوەی توندووتیژیدالەساڵی(٢٠٠٣)بەئاشکرابەوێنە دوان لەوکچانەی خستبوە رووبەراشکاوی گفتوگۆکانیانخرابووە رووبیگومانیش بن رێکخراوەکان لەم کارو هەنگاوانەدا رووبەرووی چەندین کێشەبوونەتەوە لەگەڵ هەندێك لەو بنەمالأنەی مێینەکانیان ئەم کارە دەکەن، یان چەندین جارکەئەم جۆرەژنانە پەنایان بۆهێناوین نەمان زانیوە بۆکوێیان بەرین یان بە چییەوە سەرقاڵیان کەین. یان ئەوکەسانەی خاوەن پایەی ئابووری وسیاسین چۆن رووبەروویان بینەوە. ئێمە لەناوئەم هەموو تەلبەندانەدا کارمانکردوەو قسەو کرداریشمان یەکەو ئامادەشین لەگەڵ ئەم بەرانەدا لەجەنگدابین تا ئەو جێگایەی دەتوانین، ئەم توانایەشمان لە خەڵکانی دڵسۆزو خاوەن ویژدانی کۆمەڵگەکەمانەوە وەرگرتووە، ئیدی ئەو دڵسۆزانە لە دەرەوەی حیزب بن یان ناوەوە، هەرچەند ژمارەشیان کەم بێت مایەی گەشبینیە.**

**بەلأم من دەپرسم ئێمە بە پێی توانای خۆمان ئەم هەنگاوانەمان ناوە، ئەی ئێوە چیتانکرد لە کاتێکدا کە زەمینە ی ئێوە بێترسترو کراوەترە؟ دەپرسین چ فشارێکتان دروستکرد؟ گروپێکتان دروستکرد پشتگیری رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان بکات؟ تا بتوانن پرۆژەیەك بۆ ئەو ژنانە بکەینەوەوخەڵکی تایبەتمەند لە دەرەوە بێنین و هاوکات سەرقاڵیانبکەین بە کارەوەو چەندی بتوانین بیانگێرینەوە ناو کۆمەڵگەیان تائێستا فەندێکتان وەرگرتوە کەهاوکاری یەك رێکخراوبکەن، گەرئەم رێکخراوانەشتان پیّ پەسەند نیە هەوڵتان داوە کەرێکخراوێك یان دەستەیەك دامەزرێنن**

www.kurdistannet.org

لەرێکخراوەکان بەتواناتروولەرۆژنامەنووسان ونوسەران بەجورئەت تر .
لێرەوە دەچینە سەرکۆپلەیەکی‌دی نوسینەکەی خاتوومهابادکە بەناراستەوخۆ ئامارژەبۆکەمبایەخی رێکخراوەکان ونوسەران بەرامبەر بەناردنی‌ئەو(١٨) کچەی‌کە بەپێی بەڵگەنامەیەك نێرراون بۆ میسر،لەمەدا نامەوێت باس لە رۆڵی رێکخراوەکان‌و کەسایەتییەکان بکەم، چونکە بەڵگەی مشورخۆرییان لەم بوارەدا حاشا هەڵنەگرە.
لە کۆتایدا ؛ مەسەلەی سزادانی بەرپرسان ئەوە ئێمەش هاودەنگین‌وپێویستە هەموومان بەکادرە دڵسۆزەکانی ناوحیزب وکەسانی دەروەی حیزب لەم بوارەدا قسەی خۆمان هەبێت ،بێگومان بەرپرسیارێتیش دەکەوێتە ئەستۆی هەردوودەسەلات بۆمێژووش بۆ ئێستاش .